# جادەی میخەک



دلاوەر قەرەداغی

هەمیشە بەدەم ڕۆیشتنەوە
هەنگاوەکانم دەژمێرم
تا بزانم چەندێک لێتەوە دوورم
من مەحکومم لە ڕووبەری هەتاودا
بێم و بچم
من هەمیشە دەبێ لە سنووری تۆ
لە مەودای میخەک
لە بازنەی باراندا بم!

هەمیشە بە ڕێگایەکدا
کە دێتەوە سەر جادەی میخەک
وەک جەنگاوەرێکی تەڕ بە نائومێدیی
تا سەرئەژنۆ لە قوڕ و زوقم و بلێسەدا،
بە ئالایەکی سپیی و سەرێکی شۆڕەوە
دەگەڕێمەوە لای تۆ
من بە جانتایەکەوە
دەستم لەسەر دڵمە و
ئێوارەیەک
خۆم دەکەمەوە بە جادەی میخەکدا
دەگەڕێمەوە سنووری تۆ
دێمەوە ناو باران

هەمیشە دەنگی تۆ دەبیسەم
بانگم دەکەیتەوە
بۆ جادەی میخەک
پەتێکم بۆ ڕایەڵ دەکەیت
تا لەوسەری خەرەندەوە
لەرزە لەرز بە سەریدا بپەڕمەوە
بۆ ئەمسەری ئاگر

تۆ لە جادەی میخەکدا
فرۆشیارێکیت دەسگێڕ
هەر جارە و شتێک دەفرۆشیت

جارێک بەخت
جارێک ... ئازادیی بە شەرتی چەقۆ
جارێک کێشکەی فریو
جارێک شەکرلەمەی باران
هەندێ ئێوارەش هاوار دەکەیت:
کوڕینە ... وەرنەوە بۆ تەنیایی میخۆشی
شارەبان!

هەمیشە دەستم لەسەر دڵمە
کە بەم جادەیەی تۆدا دێمەوە
لە شەڕمدا
چین چین دەنیشمە سەر ئارەقە
لە حەژمەتا
کلیلەکانم لێ دەکەون
زەرفەکانم لەدەست بەردەبنەوە
سێوەکانم دەڕژێن
بەرەو خوار خلۆر دەبنەوە
قاچ هەڵدەکەم
بە دوایاندا ڕادەکەم... بۆ گوێ ڕووبارەکە
ڕادەکەم
ڕادەکەم
هەر ڕادەکەم
لەوسەری دونیا یەک دوانێکیان
دەگرمەوە

هەمیشە کە دێمەوە
لەم جادەیەی تۆدا
دڵم دەکەوێتە تەپوکوت
جارێک کچێکتم دەبێت بە تووشەوە
بە هەگبەیەک نۆتە و جانتایەک بولبولەوە
دەست لە پاسێکی بەتاڵ ڕادەگرێ،
سوار دەبێ و لە گەڕەکی گەڵاڕێزان
دادەبەزێت
جارێک ژنێکی دووگیانی تازە
حەمامکردووت دەبینم
کە زەمیلەیەک نەعنای پێیە و
لە مەرکانەی بەردەمی مزگەوتەکە
دوو جام ئاوی سارد دەنۆشێت

من دووایین نەسلم
لە مناڵە میخەک
فرۆشەکانی سەردەمی
فاشییەت
ئەوانی ترمان
ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر
دوای شکست
کاتێ بەیانییەک زوو
بە خەوەوە
بە پاسێکی ڕیم بۆ شەڕیان بردین
هەر هەموو لە ڕێگا خۆیان کوشت!

ئێوارەیەک
لەم جادە قەرەباڵغەی تۆدا
تەنیایی دەمکات بە ژێرەوە
دەمرم و دڵم لە لێدان دەکەوێ
پەپوولە تێم دەدا
با باوەشێنم دەکا
باران نێوچەوانم دەسڕێ
دایکم و ژنانی گەڕەک
لە حەوشە بە دیارمەوە دەگرین
تا سێ چوار ڕۆژ داروبەردی کۆڵان
بۆنی میخەک دەگرێ

هەندێ جار
پیاوێکی بۆنخۆشی ڕەنگاوڕەنگی
مشکی بەسەری دەم و لەبز شیرین
لە هەڵەبجەوە دێت
یەک بار سێو
دوو پیکاب هەڵووژە
پڕ یەک قەتار هەنجیر و حەکایەت و
بەسەرهات
لەم جادەی میخەکە
لەناوجەرگەی مناڵییدا
لە گەرمەی هامشۆی ترش و شیرینیی
تەنیاییدا هەڵدەڕێژێت

ئێوارەیەک
لەم جادەی میخەکەدا
دڵم ختوورە دەکا و
دێت بە سەرما
کە باش وایە
زوو بە زوو بچمەوە ماڵەوە
خێرا ... دەموچاوێک بشۆم
قژێک داهێنم
جانتاکەم بپێچمەوە و
بە پەلە ... تا دەرەنگ نەبووە
بە پێی پیادە بڕۆم!

هەمیشە هەنگاوەکانم دەژمێرم
تا بزانم چەندێک لێتەوە دوورم
من ئیدی بە تۆ موعتادم
من تازە لە تۆدام
من هەمیشە لە سنووری تۆ
لە مەودای میخەک
لە بازنەی باراندام!

نۆڤەمبەری ٢٠٠٧
سوید